# نامەیەکی مەلا عەلی مامەجەلکەیی بۆ گیوی موکریانی

ئا: د. هێمن عومەر خۆشناو

مەلا عەلی مامەجەلکەیی یەکێک لەو نووسەر و کوردیزانانەیە، مەگەر چۆن ئەگەرنا کەس نایناسێ، ناوبراو خزمەتێکی زۆری بە زمان و فەرهەنگی کوردی کردووە، بەڵام بەداخەوە هێشتا بەرهەمەکانی رووی چاپییان نەدیوە، بۆیەش ناوی وەک سەربازی ون دەخەملێنرێ.

مامۆستا مەلا عەلی مامەجەلکەیی کوڕی محەمەدی کوڕی شێخ محەمەدە، لە ساڵی ١٩١٧ لە گوندی مامەجەلکەی سەر بە قەزای شەقڵاوە لە دایک بووە، سەرەتا لە گوندی ماوەران لای مەلا عەبدولوەهابی حەیدەری خوێندوویەتی، پاشان لای زۆر لە گەورە زانایانی سەردەمی خۆی وەک شێخ عەبدولحەمید ئەترووشی و مەلا ئەسعەد ئەفەندی خەیلانی لە گوندی وەردە خوێندوویەتی و دواتر لەلای مەلا عەبدوڵڵای شێخ عەبدولسەمەدی سەران لێ بووەتەوە، بۆیە لە گوندی ئاکۆیان پێشنوێژی و دەرسبێژی دەکات و دواتر دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی، پاشان دەبێتە ئیمامی سەربازی تا ساڵی ١٩٤٣، دوای ئەوەی لە پیشەکەی دەردەکرێ، لە ساڵی ١٩٤٧ دەبێتە واعیز بۆ بارزانییە کۆچ پێکراوەکان لە گوندی شانەدەر، دواتر لە ساڵی ١٩٦٠ دەبێتە مامۆستای سەرەتایی لە گوندی قەراسنج، پاشان بۆ مەخموور و خالص دەگوێزرێتەوەو لەوێوەش بۆ شارەبان و دارەمان و تۆبزاوە لە کەرکووک. لە ساڵی ١٩٧٧ خانەنشین دەکرێت، تا دواجار لە ڕێکەوتی ١-١٢-١٩٨٧ کۆچی دوایی دەکات، بە داخەوە تا لە ژیان بوو، هیچ بەرهەمێکی چاپکراوی خۆی نەدی.

ناوبراو کۆمەڵێک بەرهەمی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە کە لەم نامەیەیدا بۆ گیوی موکریانی باس لە دوو بەرهەمی خۆی دەکات:

١-وشەبەندی زمانی کوردی (فەرهەنگێکی کوردی کوردی چل هەزار وشەییە)

٢-فێرکەری ئینگلیزی و کوردی و لاتینی نوێ.

٣- ڕاڤەی وشەکانی قورئانی پیرۆز.

٤-گاڵەو ڕێزمانی کوردی، (بە داخەوە ئەم کتێبەی کاتی خۆی ناردبوو بۆ کۆڕی زانیاری کورد، لەوێ ونیان کردبوو)، دواتر کەمێکی دووبارە نووسیوەتەوە.

٥- تەرازووی هۆنراو (میزان الشعر): ئەم کتێبەشیان دیار نەماوە.

٦-تاکە وشەکانی کوردی (سۆرانی - بادینی)، پێنج جزم و دووهەزار لاپەڕەیە (ئەمەش دیار نەماوە).

٧- دوو کتێبی لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە (دیار نەماون).

٨- ئەلف و بێی لاتینی نوێ (بە زمانی عەرەبی): ئەم کتێبەش نەماوە.


٥-هەندێ شیعر و وتار و وەرگێڕانی.

**دەقی نامەکە:**


١٩٦٨/٦/٢٨

المقدادیە- شارەبان

مامۆستای پیتۆرو بەرز، گیوی موکوریانی بەناوبانگ



مەلا عەلی مامەجەلکەیی



١٩٦٨/٦/٢٨

ل (١)

ماموستای پیتوور و بەرزەگیوی موکوریانی

بە ناو بانگ

پێشەکی بە دڵێکی پڕ لە هیونیی دەستە پیرۆزەکانت ئەگوشم و هەواڵت ئەپرسم.

ماموستای بەنرخ ئەگەر لە ڕووی دڵنەرمیتەوە هەواڵم بپرسیت (سپاس بۆ یەزدان) من زۆر باش و تەندروستم و تەندروستی یێ تۆش لە یەزدانی پاک ئەخوازم.

ماموستای بەنرخ ئومێد ئەکەم کە دڵڕەنجاو نەبی ئەگەر چەند پسیار و سۆراغێکی وێژەییت لێ بکەم و وەڵامیشم بدەیتەوە، لەولایەوە لێ بوردنتم گرینگترین و گەورەترین خواستمە.

بمبوورە! تەماشایەکی ئەو جۆگەلە (جەدوەل) وشانە بکەو ماناکەشیان لە بەرانبەری خۆیان دابنێ، بەڵام بە وێنەیەکی ڕوون و بە وێژەیەکی پەلکۆکراو.

خواستەیەکی تر: پەڕاویلکەیەکی پیتی لاتینیم داناوە بۆ ئەوەی کە گشت زمانی جیهانی پێی بنوسرێ و بخوێندرێ بێ زیادی و کەمی پیت لە وشەدا. بۆ نموونە ناوی وشەکان لەم جۆگەلەی کە بۆ تۆم ناردووە بە ڕەفتاری پیتە لاتینییەکانم ئەنووسم، تکایە تۆزێک سەرنجیان لێ بدەیت داخوە بەدڵتن، یان بە دڵت نینە؟.. چونکە من ئەمەوێ چاپی بکەم و دوایێ لە گشت دەوڵەتی جیهان بخوازم کە نووسینیان یەکسان بکەن و بە بێ پێ پانە وێژەکانی خۆیان پیت نوبس بکەن لەسەر کاغەزی وە بە یەک ڕێگاو بە یەک وێنە، لە گشت دەوڵەتان پیتەکانی خۆم بکەمە دەستوور، ئینجا ئەمەیان مەبەستێکی یەجگار گرینگەو ئەبێ پیتەکان هیچ کەمو کوڕیان نەبێ بۆ گشت زمانێک.

خواستەیەکی تر: من فەرهەنگێکی کوردیم داناوە کە ناوم ناوە (وشەبەندی زمانی کوردی) وشەکانی بریتینە لە (٤٠٠٠٠ چل هەزار) وشەی کوردی بە (٦٠٠ شەش سەت) لاپەڕەی تەواوکراوە، وە هەندێک وشەم لەو فەرهەنگەی ڕاست خوێند کردوونەو بە پیتی لاتینییەکانی نوێم نوبسینە. ئەگەر ڕۆژگار ڕێ بدا، پێت نیشان ئەدەم هەردووک دانراوەکانم بۆ ئەوەی ئەگەر پەرەداربوون (عەیب دار بوون) پەرەکانیان ببڕین، چونکە من بوتمان هەر بە تۆ ئەکەم بەس. ئیتر بە تەندروستی و بە خۆشی بژیت لەگەڵ منداڵەکانت.

دڵسۆزت

مەلا عەلی مامەجەلکەیی